«شێوازی وەسف» لە ئەدەبیاتی داستانیی قزڵجی- دا

(قورئان خوێندن لە جیاتی پارەی بەرتیل، بە نموونە)

هادی حەبیبی
(سەردەشت)

کورتەی وتار: ئەدەبیاتی چیرۆکنووسی بە هۆی سەرهەڵدانی کەم تەمەن و لە هەمان کاتدا کاردانەوەی درێژخایەنی، وەک یەکێک لە ژانرە هونەرییەکان سەیر دەکرێ، کە لە مەودایەکی کەمدا بەردەنگێکی زۆری لە دەوری خۆی کۆ کردووەتەوە. لە سەردەمی بزاڤی مەشرووتەدا کە چاخی ژیان و ئەدەبیاتی خەڵکییە، کەسایەتی وەک دێهخودا و قائیممەقامی فەراهانی لە ئێراندا موغامەرە دەکەن و ڕچەی نووسینی پەخشان بۆ چینی دوای خۆیان دەشکێنن، چیرۆکی کوردی لە سەردەمێکی هەستیار و لەژێر کاردانەوەی ئەدەبیاتێکی خەڵکیدا، بە هۆی کەسایەتیی (حەسەن قزڵجی)یەوە بوێرانە دێتە گۆڕەپانی ئەدەبیاتەوە و شێوازی ئاخاوتن و بیرکردنەوەی بەردەنگی کورد بەرەو ئاقارێکی جیاواز دەبات.

ئەم وتارە سێ چەمکی «گۆشەنیگا» و «تەنز» و «شێوازی وەسف»، لە یەکێک لە کورتەچیرۆکەکانی «پێکەنینی گەدا»دا لەژێر سەردێڕی: «قورئان خوێندن لە جیاتی پارەی بەرتیل» هەڵدەسەنگێنێ و هەوڵ دەدات هەندێک پارادایمی هونەری لە تەکنیکی زمانیی قزڵجی، بۆ بەردەنگ بخاتە ڕوو:

واژە کلیلییەکان: ئەدەبیاتی داستانی، گۆشەنیگا، ڕیالیزم، حەسەنی قزڵجی.

سەرەتا

ئەدەبیات و بزاڤی ئەدەبی زۆربەی نەتەوەکان لە هەنگاوی یەکەمدا، بە شیعرەوە دەستی پێ کردووە و ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە ئەو پەیڤ و کەلامەی بە ڕیتم و دەستەواژەیەکی مۆسیقاییەوە خوڵقابێ، زۆرترین کاریگەری لە سەر بەردەنگ داناوە و لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ماوەیەکی درێژخایەنتر لە هزریدا ماوەتەوە. دواتریش پێ بە پێی ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگەی ئینسانی، ئەدەبیات و هونەریش دوو چەمکن کە بە دوایدا گۆڕاون. خاڵی شیاوی سەرنج لێرەدایە، کە گۆڕانی هونەر و ئەدەبیات لەنێو هەندێک لە نەتەوەکاندا، نزیکترین پێوەندی و زۆرترین سازگاری لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا هەبووە، کە لە گۆڕەپانی کۆمەڵگەدا خراونەتەڕوو. ئەدەبیاتی

داستانی بە ڕۆمان و چیرۆک و ڕۆمانس و کورتەداستانەوە، لەو ژانرە ئەدەبییانەی ڕۆژاوایە کە ڕاستییەکەی بەهرە و دەستکەوتی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی ئەزموونگەرایە. کۆمەڵگەیەک کە لە هەموو بوارێکەوە گەشەی سەندووە و بەرەو لووتکەی هەرز و داهێنان هەنگاوی هەڵێناوەتەوە. ئەرەستۆ لە «هونەری شاعیری- بووتیقا»دا چیرۆک بە تێکەڵێک لە ڕووداوەکان دادەنێ و لای ئەو، زەروورەتی هەیە کە خاوەنی دەستپێک، ناوەڕاست و کۆتایی بێ. (میرصادقی، ١٣٨٣: ١٢٤) لەگەڵ ئەوەشدا چیرۆک و ئەدەبیاتی داستانی دەکرێ دەقێکی تراژیک، کۆمیک، یان تەنزاوی بێ و بە شێوازی ڕیالیستی، ناتۆرالیستی، یان خەیاڵی بنووسرێتەوە.

هەندێک لە چیرۆکەکان لە دۆخێکی ڕەمزی و ئەفسووناوییەوە دەگێڕدرێنەوە و بە گشتی بەرهەمەکانی خورخێ لویس بورخیس لەم چەشنەن، یان بەرهەمی نەمادین و سەمبۆلیکی کافکا، هەروەها کورتە داستانەکانی ئیدگار ئالان پۆ و سادقی هیدایەت، کە بە تەواوی ڕەمزی و سوریالین، تا دەگاتە واقیعگەرایی جادوویی کە ئەویش بۆ نموونە بەرهەمی نووسەرانی وەک میگێل ئانخل ئەستوریاس و گابریل گارسیا مارکیز لە خۆ دەگرێ. (هەمان: ١٥٥) دیارە ئەو زەرفییەتەی لە دەقی چیرۆکدا بە دەست نووسەرەوەیە و ئەو هەڵەی بۆی دەڕەخسێ، بە تەواوی لەگەڵ ماهییەتی ڕۆماندا جیاوازە.

لە چوارچێوەی ڕۆماندا پەروەردەکردنی کەسایەتی و پەرەدان بە فەزا و ڕەنگ و ئولگوو (pattern)، هاوکات بە یەکەوە بوونیان هەیە، بەڵام لە کورتەچیرۆکدا دەکرێ بگوترێ نووسەر تاقە سازێکی بە دەستەوەیە. لە بەرانبەردا



حەسەن قزڵجی

ڕۆمان سەمفۆنییەکە و ڕاستییەکەی کۆمەڵێک لە سازە جۆراوجۆرەکانە، کەوابوو ئەوەی وەک خاڵی جیاوازیی نێوان ڕۆمان و چیرۆک زەق دەبێتەوە، مەودای بەرتەسکی ناو چیرۆک و بە پێچەوانەش مەودای بەرفراوانی ناو ڕووداوەکانی ڕۆمانە. لەخۆڕا نییە «پۆ» لە پێکهاتەی کورتەچیرۆکدا، ئەو ڕاستییە بەرجەستە دەکاتەوە و جەخت دەکاتە سەر تەوەری کاریگەری دانان بە شێوازێکی تۆکمە.

کورتەچیرۆک لە ڕوانگەی (پۆ)وە، جۆرە گێڕانەیەوەیەکە کە هەموو ڕەگەزەکانی لە هەوڵی کاردانەوەیەکی یەکە دان و لە ماهییەتی خۆیدا ژانرێکە دەکرێ بە یەک جار دانیشتن بخوێنرێتەوە، (پاینده، ١٣٨٨: ١٢٧) هەر بۆیە ئەم پێکهاتە پڕ تەوژمە وەها دەخوازێت کە نووسەر بە خێرایی دەرفەتێک بۆ کاردانەوە لەسەر بەردەنگ و بوارێکیش بۆ تەکنیک و

هونەری خۆی بقۆزێتەوە. لە ئەدەبیاتی داستانیی کوردیدا، حەسەنی قزڵجی لەو نووسەرە دەگمەنانەیە کە ئەو ژانرە هونەرییەی کردووەتە گۆڕەپانی خەسارناسی ئازاری نەتەوەیی. لەو ڕێبازەشدا هەم لە بواری کاردانەوەی هزری و سازدانی پێوەندی و دیالۆگ لەگەڵ بەردەنگ و هەم لە بواری تەکنیک و ڕستەسازییەوە، بە شێوازێکی لێهاتووانە سەرکەوتووە.

«پێکەنینی گەدا» لە ماهییەتی خۆیدا هزرێکی ڕیالیستی زاڵە بە سەر کۆمەڵگەیەکی پاشکەوتوودا کە بە دەربازبوون لە نەریت و خورافات، خەریکە ڕچەی بیری جیاواز بۆ بەرەی دوای خۆی دەشکێنێ. قزڵجی بە زمانێکی پاراو و هزرێکی بزۆزەوە، کۆمەڵێک چیرۆکی پێکهێناوە کە هەم پاڕێک لە وێژەی ماندگاری (بۆماوەیی) کوردین و هەمیش وێڕای ڕەگەزی خەیاڵ پەردازییان (خەیاڵ پڵاوییان)، بە شێوازێکی بەرچاو لەگەڵ جیهانی واقیعدا، پێوەندییەکی پڕ ناوەرۆکیان سازاندووە.

١- گۆشەنیگا لە چیرۆکی «قورئان خوێندن لە جیاتی پارەی بەرتیل»دا

«گۆشەنیگا» ڕاستییەکەی شێوازێک لە گێڕانەوەیە کە تەواوی ڕووداوەکان لەو ڕەهەندەوە تێدەپەڕن. دیارە بە هۆی تەنگوچەڵەمەیەکیەوە کە نووسەری چیرۆک لە بواری پێکهاتەوە لەگەڵیدا ڕووبەڕووە، ناچارە گۆشەنیگایەک هەڵبژێرێ، کە لە مەودایەکی کەمدا، زۆرترین کاردانەوەی لەسەر بەردەنگ هەبێ. مەبەست لە گۆشەنیگا «هەمان فۆرم و شێوازی ڕیوایەتی چیرۆکە، واتە ڕێبازێک کە نووسەر بۆ نووسینی چیرۆک هەڵیدەبژێرێ.» (مستور، ١٣٨٤: ٣٥). دوکتۆر پایەندە لە گرنگیی گۆشەنیگادا دەڵێ: «نووسەر بە بۆنەی گۆشەنیگایەکی کارامەوە، هەتا ڕادەیەکی گونجاو دەتوانێ لە درێژدادڕی خۆ ببوێرێ و لە هەمان کاتدا زۆرترین زانیاری پێویست بە بەردەنگ بگەیەنێ.» (پایندە، ١٣٨٢: ٥٢).

قزڵجی ڕاستەوخۆ لەم چیرۆکەدا خۆی لە قەرەی ڕووداوەکان نادات و بە ترازان لە جەغزی بابەت و بە ڕوانین لە دەرەوەی چیرۆکەوە، ڕاستییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەخاتەڕوو. گۆشەنیگای ئەم چیرۆکە هەموو شتزانی دراماتیک (دانای کل نمایشی)یە و نووسەر ڕێک وەک درامێک، ڕووداوەکان بە شێوازێکی بێلایەن پێشانی بەردەنگ دەدات. چیرۆک بە ڕستەی «پێش دووەمین شەڕی جیهانی بوو...» دەست پێ دەکات و خودی ئەم دەسپێکە، بە شێوازێکی کارامە پێوەندییەکی واقیعی لەگەڵ بەردەنگدا دروست دەکات و ئەو ڕاستییە دێنێتە ئاراوە کە نووسەر خەریکە بابەتێکی گرنگی کۆمەڵایەتی لە سەردەمێکی مێژوویی تاووتوو دەکات. «گرووهبان ڕەزایی، حسێن قولی، سەرهەنگ» و «ڕەجەب قولی» لەو کارەکتەرانەن کە نووسەر بە سیستمی فیکریی خۆی، کەسایەتییان ئاشکرا دەکات و هەر لەو دەلاقەیەوە هەڵێکی گونجاو بۆ خۆی دەقۆزێتەوە و وەک خەسارێکی کۆمەڵایەتی- سیاسی لێیان لە چەپڵە دەدات. لێرەدایە کە قزڵجی بۆ پەرەدان بە بیرۆکەی خۆی و بۆ بەیانی ڕاستییەکانی کۆمەڵگە، گۆشەنیگایەکی شیاو هەڵدەبژێرێ، کە لەگەڵ ماهییەتی بابەتدا بە تەواوی سازگاری هەیە. لەم شێوازی گۆشەنیگایەدا کە گۆشەنیگای سێیەم کەس، یان گۆشەنیگای (عەینی)شی پێ دەگوترێ، نووسەر ئەوەی بە چاوی سەر دەیبینێ، ڕێک دەیگێڕێتەوە، بۆیە دەسکەوتی

ئەو بینینە، کۆمەڵێک لە گوتار و کردەی کارەکتەرانە کە بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ لەلایەن نووسەرەوە بۆ بەردەنگ دەخرێنە ڕوو. چیرۆک بە گلەیی و بناشتی (گرووهبان ڕەزای) یەوە پەرە دەگرێ و کەڵکەڵەیەک لە هزری بەردەنگدا ساز دەبێ، کە ڕاستییەکەی هیی خودی نووسەرە، هەرچەند لە درێژەی چیرۆکدا هەر هەمان کەڵکەڵەیە کە پەل دەکێشێتە ناو تانوپۆی بابەتەوە و سەرجەم گوتاری هزری و ئەدەبی نووسەری لەسەر ساغ دەبێتەوە:

«ڕەزایی هەناسەیەکی درێژی هەڵکێشا و لە بەر خۆیەوە گوتی: یانی حەوتوویەکی ماوە؟ ئەمجار ڕووی کردە حسێن قولی:

– ئەم مانگە وەزعەکەمان زۆر شپرزەیە. ئەگەر مەعاشەکەی خۆشم و ئێوەشی بخەمە سەر، دەری ناهێنێ. پێنج سەد تمەن لە کوێ بێنم؟ بە ڕاستی بۆ ئێرە پێنج سەد تمەن زۆرە، بە تایبەتی لە بەهاردا کە خەڵکەکە خۆشیان حاسڵی پارەکەیان تەواو بووە و هی ئەم ساڵیشیان پێ نەگەیشتووە. بەو کەژ و کێوانەدا بڵاو بوونەتەوە و خەریکی کار و کاسبین. نە شکات و شکاتکاری هەیە و نە کێشە و هەرا.» (حەبیبی، ۱۳۹۵: ۱۳٤)

لە سەرجەمی ئەو چیرۆکەدا، دیالۆگی نێوان گرووهبان ڕەزایی و (حسێن قولی)یە کە تەوەرییەتی هەیە و هەر چەشنە بابەت و گۆڕانکارییەک لە دۆخی دوایی چیرۆکدا، هەر لەو دیالۆگەوە سەرچاوە دەگرێ. گرووهبان ڕەزایی لە دەقی چیرۆکدا و لە ڕێکەوتی بیست و سێی مانگدا، نیگەرانییەکی قووڵی بەرانبەر بەو پارەی بەرتیلە هەیە کە بڕیارە – مانگانە – بۆ سەرهەنگی وەدەست خات، جا چۆنی وەدەست دەخات کەیفی خۆیەتی! سەرهەنگ لەمەڕ پارەی بەرتیلدا هیچی بە گوێدا ناچێ و پێویست بێ، هەمووان دەگوێزێتەوە و لەوانەیە لە پێناویدا گێچەڵێکیشیان تێ هاڵێنێ، بۆیە نووسەر لە زمانی گرووهبان «ڕەزای»یەوە و بە هێنانی ڕستەی «ئەگەر شتومەکی خۆمان فرۆشتبێ، دەبێ پارەکەی بۆ تەواو کەین» ئەو ڕاستییەمان پێ ڕادەگەیەنێ کە «بەرتیل» هێڵی سووری سەرهەنگە و بە هیچ کلۆجێ وازی لێ ناهێنێ. قزڵجی لە دەلاقەی ڕوانینییەوە خەریکە سیستمێک تاووتوو دەکات کە گەندەڵی سەرانسەر پێکهاتەکەی گرتووەتەوە. سیستمێک کە هیچ یاسا و ڕێسایەک ڕەچاو ناکات و تەنیا لە فکری ئامانج و بەرژەوەندیی خۆیدایە.

بۆیە لە بواری تەکنیکی زمانییەوە، دەرخستن و بەدەستەوەدانی ئەو خواست و هێمایانە لە پانتایی چیرۆکدا کە مەبەستی نووسەرن، ڕاستییەکەی دەبێ هەڵێنجراوی نیزاممەندیی نێوان بابەت و گۆشەنیگای بەکارهێنراو بێ. ئەو کاتەیە کە پەیف لە چوارچێوەی دەقدا ڕەنگدانەوەی دەبێ و نووسەر مەبەستی خۆی دەپێکێ. لە چیرۆکی ئاماژە پێکراودا گۆشەنیگای سێیەم کەس پڕ بە پێستی بابەتە، کە نووسەر بە بیری ڕیالیستی خۆیەوە، ڕاست لەم شێوازە گوتار و ئاخاوتنە کەڵکی وەرگرتووە.

۲– تەنز

«تەنز» هونەرێکە کە لە سەرجەم چیرۆکەکانی (حەسەن قزڵجی)دا ڕیشەی داکوتاوە و بووەتە پاژێک لە ڕاوێژ و تەکنیکی زمانیی نووسەر. تەنز لە خۆیدا مۆدێلێک لە گێڕانەوەیە کە بە هۆی دەربڕینێکی گاڵتەجاڕانەوە، فۆرمێکی جیاواز لە خۆی دادەمەزرێنێ و هەر بەو پێیەش لە هزری بەردەنگدا ماندگارترە.

تەنزەکانی دێهخودا و جەمالزادە و پەرویزی لە جۆری خۆیاندا، تەنزێکی جیاواز بوون کە دواتر شێوازی بەکارهێنانیان لە بەرهەمی «نیما یوشیج و سادقی هیدایەت»دا گۆڕا. ئەزموونی تەنزی (بەهرامی سادقی و ئیبراهیمی نەبەوی) ش تازەتر بوون کە وەک تەنزی مۆدێرن، ئاگایانە هاتنە گۆڕەپانی پەخشانی فارسییەوە. «زمانی تەنز ئەو جۆرەی لە مەنتیقی گوتوبێژی (میخائیل باختین)دا پوو دەکرێ، زمانێکە کە تاک دەنگی دەسرێتەوە و پێکهاتەی دەسەڵات دادەکشێنێ.» (تسلیمی، ۱۳۸۸: ۲۳)، هەر بۆیە لە ڕوانگەی نووسەرانی وەک (نیتشە و فووکۆ)شدا گەلێک جار بە زمانی تەنز، ڕەخنە ئاراستەی سیستمی دەسەڵات دەکرێ و فووکۆ بە ڕاشکاوی دەڵێ: «بەرخۆدان و بەرپەرچدانەوەی دەسەڵات، هەمیشە مەحکووم بە شکست نییە.» (هەمان: ۲۳)، کەوابوو ئەو ڕێفۆرمخوازییەی بە زمانی تەنز لەلایەن قزڵجی -یەوە دەخرێتەڕوو، ڕیشەی لە داکشانی بە ئەنقەست و دەکرێ بکوترێ «لاواز پیشاندانی دەسەڵات»دا هەیە. «لە جیهانی ڕۆمانسیدا جوانی و نەزم دوو دیاردەی بەرجەستە کراون و لە جیهانی هەزل و تەنزیشدا، ئەوەی لەلایەن نووسەرەوە زەق دەکرێتەوە، دزێوی و ناڕێکییە.» (اسکولز، ۱۳۸۳: ۱۳)، واتە نووسەر بە شوێن وەدەست هێنانی دەرفەتێکە کە کێشە ناڵەبارەکانی کۆمەڵگە لە ڕەهەندی تەنزەوە بخاتەڕوو. بە گشتی لە بەرهەمی کۆمیکدا، ئەرەستۆ لای وایە کە واتای کۆمیک لە دژوازیی ناوەڕۆکی نێوان جوان و ناحەز، نەریت و نوێ، ئازادی و دیلییەوە پێک دێ و ئەو ئوبژانە کاتێک لەگەڵ یەکدا دەکەونە دژوازییەوە، بە مانای واقیعی واتای کۆمیک لە خۆیان بە دەستەوە دەدەن. لە چیرۆکی «قورئان خوێندن لە جیاتی پارەی بەرتیل»دا ئەوەی وەک کێشەیەکی نالەبار و دزێو لە کۆمەڵگەدا هەیە و ڕوو دەکرێ، کێشەی پارەی بەرتیلە، واتە لە کۆمەڵگەیەکی موتەعارەفدا دەبێ کێشەی بەرتیل هەر لە بنەمادا بوونی نەبێ، کەچی وەک ئاماژەی پێ کرا لە کۆمەڵگەی سەردەمی نووسەردا، دیاردەیەکی یەگجار باوە و قزڵجی لە ڕەهەندی ئەم دژوازییەوە (واتە: کێشەی بوون و نەبوونی بەرتیل) خەریکی بەیان و دەستنیشانکردنی خەسارە کۆمەڵایەتییەکانە.

نووسەر بە تێکڕایی لە چوارچێوەی دەقی چیرۆکەکەیەوە، هەندێک ڕستە بەکاردێنێ کە ڕاوێژێکی ئایرۆنیکییان بە ئاشکرا پێوە دیارە. بۆ نموونە لەمەڕ نیگەرانی و ترسی گرووهبان ڕەزایی لە سەرهەنگ، سەبارەت بە پارەی بەرتیلێک، کە بڕیارە هەموو مانگێک بۆی وەدەست خات و لە ڕوانگەی خۆیەوە لەو مانگەدا وەدرەنگ کەوتووە، دەڵێ:

«ڕاستییەکەی دووکەڵەکە، دووکەڵی عادەتیی جگەرە نەبوو، بۆچرووکیشی لێ دەهات.» (حەبیبی، ۱۳۸۵: ۱۳۳)

یان ڕستەی:

«بەڵام نەخێر، بۆچرووکی جەرگ و هەناوی بوو، ئاگر لە دەروونی بەربوو، خەم و خەفەت، یان باشتر بڵێین ترس و خۆف، ئارامی لێ هەڵگرتبوو.» (هەمان: ۱۲۳)

هەروەها لە زمانی (حسێن قولی)یەوە کە خەریکی پاساوهێنانەوە بۆ کردەی نالەباری خۆیەتی و خەڵک ڕووتاندنەوە بە زەحمەت کێشان و جۆرێک خزمەتکردن لە قەڵەم دەدات، دەنووسێ:

«- بۆچی ناکرێ؟ چارە نییە. ئێمە کە

بووینەتە پیاوی دەوڵەت، دەبێ زەحمەت بکێشین.» (هەمان: ١٣٦)

لە کۆتایی چیرۆکدا بەردەنگ بەسەر تەنزاویترین پستەدا دەکەوێ، کە لە زمانی (حسێن قولی)یەوە بەرانبەر بە مەلا بەیان دەکرێ:

«- مامۆستا لەبەر خاتری قورئانەکە ئەوە وەری دەگرم، دایکم دوو سێ مانگە مردووە. لە جیاتی دوو تمەنەکەی دیکە، قورئان بۆ دایکم بخوێنە.» (هەمان: ١٤٠)

ئەم پستەیە لە گشتییەتی خۆیدا پاوێژێکی تەنزاوی و لە هەمان کاتدا بەیانێکی ئایرۆنیکە لە لایەن (حسێن قولی)یەوە بەرانبەر بە مامۆستا، دەیجا پێکهاتەی هونەریی چیرۆک و شێوازی بەیانەکەش لە ئاستێکدایە کە بەردەنگ بۆی پوون نییە ئاخۆ حسێن قولی بە جیددییەتەوە ئەو پەیڤە دەردەبڕێ، یان خەریکە گاڵتە بە مامۆستا دەکات؟

٣- شێوازی وەسف

«وەسف» لە دەقی چیرۆکدا «جەرەیانێکە کە دەبێتە هۆی ناساندنی کارەکتەرەکانی چیرۆک بە بەردەنگ.» (یونسی، ١٣٩٢: ٣٠١) بەو پێیە وەسف بۆ چیرۆکنووس هەڵێکی گونجاوە بۆ بەدەستەوەدانی سەرجەم ئەو تایبەتمەندییانەی کە بە هەر هۆیەک تا ئێستای چیرۆک بۆی نەلواوە وەدەریان بخات و ئێستا خەریکە لەو دەلاقەیەوە دەیانهێنێتە ئاراوە.

جەرەیانی وەسف، بزاڤێکی کارامە و هونەرییە کە لە دۆخێکی لەباردا خۆی پێناسە دەکات. جودا لەو خاڵانەی کە ئامازەیان پێ کرا، ئەگەر وەسف لە دەقی چیرۆکدا بایەخی پێ نەدرێ، هەندێک لایەنی هزری لە چوارچێوەی دەقدا هەر لە شێوازێکی زەینیدا دەمێنێتەوە و هیچ کات بە تەواوی پاناگوێزرێتە قۆناغی کردە و عەینیخوازییەوە. وەسف بە سێ شێواز کاردانەوەی لە ناو دەقدا هەیە:

٣- ١- وەسف، یان پاڤەی پاستەوخۆ:

ئەم شێوازە لە وەسف، دۆخێکە کە نووسەر لە زمان خۆی، یان لە زمان یەکێک لە کارەکتەرەکانەوە، پاستەوخۆ تایبەتمەندیی کەسایەتی چیرۆک بۆ بەردەنگ دەخاتە پوو. لە چیرۆکی «قورئان خوێندن لە جیاتی پارەی بەرتیل»دا قزڵجی لە زمان (گرووهبان پەزای) یەوە، تایبەتمەندییەکی بەرچاوی سەرهەنگ ئاشکرا دەکات و ئەم گوتارە پێوەندی پاستەوخۆی بەو بابەتەوە هەیە کە پێکهاتەی ئەم چیرۆکەی لەسەر داڕێژراوە، ئەویش چاونەپۆشین و جەختی سەرهەنگە لەسەر پارەی بەرتیل کە پێشتر وەک «هێڵی سوور» ئاماژەم پێ کرد. بڕوانە پاژێک لەم چیرۆکە:

«- پەزایی: شتێکی سەیرە، تۆ چەند ساڵە ژاندارمی، کەچی ئێستا قسەی ئاوا دەکەی! مەگەر نازانی سەرهەنگ ئەم جۆرە قسانەی بە گوێچکەدا ناچێ؟ شتی وای پێ بگوترێ، دەسبەجێ هەموومان دەگوێزێتەوە. لەوانەیە گێچەڵێکیشمان بۆ ساز بکا. ئەگەر شتومەکی خۆشمان فرۆشتبێ، دەبێ پارەکەی بۆ تەواو کەین، بەڵام ئەو قەرزەی دەیڵێی، دەتوانین لەگەڵ خۆمانی بکەین. یانی ئەم مانگە هەر تەنیا بە مەعاشەکەمان بژین، وە لە پاشان تێی هەڵبینەوە.» (هەمان: ١٣٦)

٣- ٢- وەسف لە قەوارەی گوتوبێژدا

لەم شێوازەدا نووسەر کارەکتەری چیرۆک وەزمان دێنێ و هەڵێک دەڕەخسێنێ کە خودی

کەسایەتییەکان بە بەیان و گوتوبێژ، بەردەنگ لە ڕووداوی چیرۆک و تایبەتمەندیی خۆیان بگەیەنن. دیارە نووسەر بە هێزی زمانەوەیە کە ئەم داهێنانە دێنێتە ئاراوە. مارتین هایدگەر کە لە فەیلەسووفە هەرە بەناوبانگەکانی سەدەی بیستەمە، بە ڕاشکاوی دەڵێ: «ئێمە لە زماندا دەژین و هەستی و بوونی ئێمە ڕاستییەکەی هەمان زمانەکەمانە. زمانە کە ئاخاوتن دەکات نەک مرۆڤ، واتە زمان، مالّی ژیانی ئێمەیە و مرۆڤیش نیشتەجێی ئەو مالّەیە و ئەوە فەیلەسووف و شاعیرانن کە بە تێکڕایی دەیپارێزن.» (شمیسا: ١٣٩٣: ٣٦١) گوتوبێژ لە ماهییەتی خۆیدا بەم دیالۆگ و پەیڤە دەکوترێ کە لە نێوان دوو، یان چەند کەسی جیاوازدا - وەک دیالۆگ- ڕوو دەدات، یان ئازادانە لە هەزری کەسایەتییەکی یەکە لە بەرهەمی ئەدەبی (چیرۆک، شانۆنامە، شیعر)دا- وەک مۆنۆلۆگ - دێتە گۆڕێ. (میرصادقی، ١٣٨٨: ٤٦٦) کەوابوو گوتوبێژ کەرەستەیەکی هونەرییە بە دەستی نووسەرەوە، سەبارەت بەوەی بەرهەمی ئەدەبی، بە شێوازێکی سروشتی و لەبەرچاو جیلوە بدرێ، نووسەر ناچارە ئەم گوتوبێژە بێنێتە ناو چوارچێوەی دەقەوە. بنەمای ئەم چیرۆکەی قزڵجی بە تێکڕایی لەسەر دیالۆگ ساغ بووەتەوە و بە گۆشەنیگا و دەستەواژەی تەنزاوییەوە، دۆخێکی هەست پێکراو و عەینی پێکهێناوە. وەک نموونەی زۆر بەرچاوی ئەم پاژە، ئەم ڕستەیەی (حسێن قولی)یە کە لە دڕێژەی گوتوبێژ لەگەڵ گرووهبان (ڕەزایی)دا، نهێنی خۆی و «ڕەجەب قولی» ئاشکرا دەکات و بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەم کردە نالەبارە، لەگەڵ سەرهەنگدا ڕێک دەکەوێ:

«- حسێن قولی: خودا سەلامەتت کا، دووسەد تمەن ئەوەی دەوێ؟ مەئموورییەتێک بدە بە من، مەئموورییەتێکیش بدە بە ڕەجەب قولی، پوولّەکەی سەرهەنگیش تەواو دەکەین و هێندێکێش بۆ ئێوە دەمێنێتەوە.» (حەبیبی، ١٣٩٥: ١٣٦)

٣- ٣— وەسف بە شێوازی ئاکسیۆن

نووسەر لەم شێوازەدا جوولّە و بزاڤێک دەسازێنێ و لەژێر سایەی ئەم بزاڤەدا، بەردەنگ لە ئاکاری کەسایەتی چیرۆک تێدەگەیەنێ. دیارە ئاکسیۆن هزرێکە کە پێی ناوەتە قۆناغی «کردە»وە و هزرێک کە وردبوونەوە و تێڕامانی تێدا نەبێ، ناتوانێ بەو فۆرمە لە بیرکردنەوە لە چوارچێوەی دەقدا دەور بگێڕێ. بە واتایەکی دیکە ئاکسیۆن کە هەمان (action)ی ئینگلیزییە، کردەیەکی گشتییە و لە ڕووداوی ناو چیرۆکەوە سەرچاوە دەگرێ.

ئاکسیۆنی ئەم چیرۆکە لەسەر شێوازی بیانوو هێنانەوە و دروستکردنی ئاژاوەگێڕی و کێشەیەک بنیادنراوە کە ئاکامەکەی ڕقەبەرایەتی حسێن قولی لەگەڵ هەندێک لە کەسایەتی ناو چیرۆکەکە، کە بڕیارە لەلایەن خۆیەوە بچەوسێنەوە. نووسەر بە سازدانی لە ئانقەستی کێشە و هەرا لە ڕووداوی چیرۆکدا، خەریکە یەکێک لە خەسارەکانی کۆمەڵگە تاووتوو دەکات و لەو ڕەهەندەوە جەخت دەکاتە سەر ئەو ڕاستییەی کە هەموو هەوڵ و هزرەکان بە دەوری تەوەری کۆمەڵگەدا دەسووڕێنەوە، چونکە «تەنیا ئوستووورەیەک کە پێویستە مرۆڤ بڕوای پێ بێنێ، ئوستووورەی کۆمەڵگە و لەبەرچاوگرتنی ڕاستییەکانی تایبەت بە پێوەندە کۆمەڵایەتییەکانە.» (زرافا، ١٣٨٦: ١٩٦) کێشەی حسێن قولی لەگەڵ (سەید حەسەنی کانی تۆمار)، (حەسەن ئاغای حاجی کەند و میرزا)، (حەمە شەریفی دراوسێی مەلا)

و خودی (مەلا) لەو کێشانەن کە بە شێوازێکی ئاکسیۆن، ناسنامەیەکی دیاریکراو لە کەسایەتی ناو چیرۆک بە دەستەوە دەدەن. بڕواننە ئەو بیانووەی حسێن قولی بە مەبەستی بەرتیل و ڕووتاندنەوە، بە (مەلا کەریم)ی دەگرێ:

« – حسێن قولی: گوێ نادەیە قانوونی دەوڵەت. نە شەپکەت لە سەرە و نە چاکەت و پانتۆڵت لە بەرە، مەگەر ئەمە بێ قانوونی نییە؟»

ئەم ڕستەیە لە دوو ڕوانگەوە گرنگە. یەکەم ئەوەی کە بە ڕاوێژی خۆی خەریکە دەورەیەکی گرنگی مێژوویی لە دەسەڵاتی سیستمی سیاسی بەرانبەر بە گەلانی ئێران ڕوون دەکاتەوە و دووەمیش ئەوەی کە لە ڕەهەندی یاسایەکی داسەپاو، ڕێ بۆ پەرەدان بە بێ ئاکاری و لە هەمان حاڵ یاسایی جیلوەدانی خۆی و نایاسایی جیلوەدانی لایەنەکەی خۆش دەکات. مامۆستا هێمن لە پێشەکی «پێکەنینی گەدا»دا دەڵێ: «یەکێک لە سیاسەتە شوومەکانی ڕەزاخانی پەهلەوی لە ماوەی دەسەڵاتی ڕەشی فاشیستیی خۆیدا، هەوڵی بێ وچان و بێ ڕەحمانە بوو بۆ تواندنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران. بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەبەستە شەیتانییە، داب و شوێن و جلوبەرگ و زمان و ئەدەب و مۆسیقا و سەمای کوردی بە توندی قەدەغە کردبوو، بەڵام بەو هەموو هێزە شەیتانییەوە، نەک هەر کوردی کۆڵنەدەری بۆ نەبەزی و دەڕۆستی نەهات، بەڵکوو ئەو سیاسەتە و زەبروزەنگی پۆلیسی ڕەزاخان بوو بە هۆی ڕاپەڕینێکی بەرینی فیکری لە کوردستاندا.» (حەبیبی، ١٣٩٥: ٣٤). دیارە ئەم چیرۆکە و دەکرێ بگوترێ لە جوغرافیایەکی بەرفراوانتردا «هەر بەرهەمێکی وێژەیی، ڕیشەی لە بارودۆخێکی تایبەتی مێژوویی هەیە.» (ایگلتون، ١٣٩٦: ١٥١)، بەڵام وەها نییە کە واتای ئەو بەرهەمە تەنیا و تەنیا بەو قۆناغە تایبەتییەوە ببەسترێتەوە، بەڵکوو زۆرجار بە هەزری پەروەردەکراوی ناو خۆی، لە بازنەی کاتی و مەکانی داهاتووشدا هەر مەوزووعییەت پەیدا دەکات. قزڵجی کۆمەڵناسێکی لێهاتووە کە وێڕای بەکارهێنانی زمانێکی ساکاری کوردانە و لە هەمان کات بە ڕیوایەتێکی تراژیک و هەندێک جاریش کۆمیک و تەنزاوییەوە، ڕاستییەکانی کۆمەڵگە بە شێوازێکی عەینی و هەست پێکراو دەخاتەڕوو.

یەکێک لەو خاڵە گرنگانەی کە لە گێڕانەوەی داستانیی قزڵجی–دا دەردەکەوێ، بابەتی کاتە. «کات» لە بنەمادا ڕەنگدانەوەی واتایەکی زەینی لە ژیانی مرۆڤە کە بە هۆی هەندێک کەرەستەوە هەنگاو دەنێتە ناو قۆناغی عەینییەتەوە، دەیجا یەکێک لەو کەرەستانەی کە ئەم گۆڕانکارییە کاتییە پێکدێنێ، هەزری نووسەرە لە گێڕانەوەی چیرۆکدا. لە چیرۆکی (قزڵجی)دا «کات» ئوبژەیەکە کە زۆرترین بایەخ بە ئێستای دەدرێت و لە بارەیدا کەمتر خۆ لە قەرەی ڕابوردوو، یان داهاتوو دەدرێ. هۆی بەرجەستەبوونەوەی ئەم تەکنیکەش ئەوەیە کە قزڵجی لە هەنگاوی یەکەمدا، بە شێوازێکی بەرچاو لەگەڵ دۆخی کۆمەڵگەی کوردەواری دەستەویەخەیە و هەر تێکۆشان و هەوڵێکی کە بەکاری دێنێ، لە پێناو دەرخستنی ڕاستییەکانی سەردەمی خۆیدایە.

ڕاستییەکەی قزڵجی جەرەیانسازی هزرێکە کە بە ڕاشکاوی و بە دوور لە هەر جۆرە لەمپەرێک، چاوی بڕیوەتە ڕاستییەکانی چاخ و خەریکە ڕیوایەتێکی حەقیقی و لە هەمان حاڵیشدا تاڵ لە ڕوحییاتی مرۆڤ و کولتوور و کۆمەڵگە و

مێژووی کورد بە دەستەوە دەدات، هەر بۆیەش باری سایکۆلۆژی کارەکتەرەکانی، هەتا ئەو ڕادەیە لە نەست و ناخودئاگای بەردەنگ و مرۆڤی هاوچەرخی کورد نزیکن. سیستمی دەرەبەگایەتی لە لایەک و لەلایەکی دیکەش نەریتێکی خورافی کە لە قەوارەی شێخایەتیدا دەستی بەسەر کۆمەڵگەی کوردەواریدا گرتووە، هەتا دەگاتە عادەتی نالەباری بازاڕ، هەروەها خیانەتی نەتەوەیی و دوعانووسی و بەرتیل خۆری لەو خەسارانەن کە لە ئاقاری چیرۆکدا دەردەکەون و بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتر، وەک ڕووبەندێک لە ڕوخساری کۆمەڵگە هەڵدەدرێنەوە.

قزڵجی بیرمەندێکە کە وێڕای بەدەستەوەدانی هەڵوێست و مانیفێستی کۆمەڵایەتی و ڕامیاریی خۆی، ڕاستییەکەی و بە شێوازێکی بوێرانە هەڵگری بیری دادپەروەری و مرۆڤایەتییە. ئەم پەیڤەی ئەندرێ ژید (نووسەر و ڕووناکبیری فەرەنسی) بە تەواوی لەمەڕ مامۆستا قزڵجی وەڕاست دەگەڕێ کە پێی وایە «هونەرمەندی داهێنەر کەسێکە کە لە هیچ چەشنە قەید و بەندێک ناترسێ و بەرگرەکان بۆی دەبنە ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. هونەر لە تەنگانەدا ساز دەبێ و لە ململانێدا گەشە دەستێنێ و لە ئازادیدا دەبڕێتەوە.» (بوادفر، ١٣٧٦: ٣٣) کەسایەتیی قزڵجی ڕێک نموونە و بڕاردەی ئەم پێناسەیە و پێکەنینی گەدا ڕیوایەتێکی ڕیالیست و نۆستالیژیکە کە لە تەنگانەدا ناسنامەی خۆی دەستنیشان دەکات.

هەروەها بە بۆنەی ئەو دۆزانییەی کە هەموو کات لە نێوان کارەکتەرەکاندا بە تێکڕایی بوونی هەیە، دۆخێک دێتە ئاراوە کە هەمان دۆخی ململانێ و بەرپەرچ دانەوەیە و ڕێک لەو ڕەهەندەشەوە، ناوەرۆکی چیرۆک بەدەوام لە گەشەسەندنداید. نووسەریش بە ڕەچاوکردنی کردە ئارمانییەکان و بە ئامانجی پێکهێنانی ئیکاری، بەردەوام بایەخە ئینسانییەکان وەبیر مرۆڤ و کۆمەڵگەی کوردی دێنێتەوە.

ئەنجام

کورتەچیرۆک بەو فۆرم و شێوازەی ئەوڕۆ لەبەر دەستی بەردەنگدایە، لە سەدەی نۆزدەدا وەک دەلاقەیەک بەرەو وێژەی جیهانی کرایەوە و سروشتییە کە ئەم ژانرە ئەدەبییە لە کۆمەڵگەیەکی دینامیک و پڕ لە جووڵە و بزاڤدا، بەردەوام بە بیچمی هونەری و هزری خۆیدا بێتەوە. حەسەنی قزڵجی وەک پێشەنگێک، پێی نایە ئەم ئاقارە و ڕێی نەدا ئەدەبیاتی چیرۆکنووسیی کوردی لەم کاروانە جیهانییە وەپاش کەوێ. «پێکەنینی گەدا» بەرهەمێکی نەتەوەییە کە بە مانیفێستی کۆمەڵایەتی و بە هەڵوێستی سیاسیی خۆیەوە، داکۆکی لە مافی مرۆڤی کورد بە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەوە دەکات و خوازیاری یەکسانییە، بۆیە زۆرجار بە فەلسەفە و بیرێکی جیاوازەوە کە تایبەت بە مرۆڤی سەردەمی خۆیەتی، جیلوەیەکی هونەریی لە کارەساتێکی دراماتیک بە دەستەوە دەدات. قزڵجی بەو زمانەی کە ناسنامەی خۆی و چیرۆکەکانیەتی، هیچ کات لە گۆشەنیگایەکی سازگار و لە تەنزێکی وشیارانە خۆ نابوێرێ و بەو شێوازە وەسفەی کە لە هەر سێ قۆناغی «ڕاستەوخۆ و گوتوبێژ و ئاکسیۆن»دا وێڕای یەک، کەڵک وەردەگرێ، تراژیدییەک دەخولقێنێ کە لەگەڵ باری نالەباری فەزای چیرۆکدا، بانگەشە بۆ حەقیقەتی ژیانی کوردەواری دەکات. بەو مەبەستەی کە هەم

پاستییەکانی نەتەوەی خۆی گوتبێ و هەم بە بێ پاشگەز بوونەوە، جار لەگەڵ جار زیاتر لەسەر داوا پەواکەی خەڵک و کۆمەڵگەی خۆی سوورتر بێ.

سەرچاوە:

(۱) اسکولز، رابرت، (۱۳۸۳)، عناصر داستان، ترجمەی فرزانە طاهری، چاپ دوم، تهران: نشر مرکز.

(۲) ایگلتون، تری، (۱۳۹٦)، آثار ادبی را چگونه باید خواند، ترجمەی محسن ملکی، بهزاد صادقی، چاپ دوم، تهران: انتشارات هرمس.

(۳) بوادفر، پیردو، (۱۳۷٦)، ادبیات داستانی فرانسه در قرن بیستم، ترجمەی خسرو سمیعی، تهران: انتشارات مؤسسەی ایران.

(٤) پاینده، حسین، (۱۳۸۲)، گفتمان نقد: مقالاتی در نقد ادبی، تهران: نشر روزنگار.

(٥) پاینده، حسین، (۱۳۸۸)، نقد ادبی و دمکراسی، جستارهایی در نظریه و نقد ادبی جدید، چاپ دوم، تهران: انتشارات نیلوفر.

(٦) تسلیمی، علی، (۱۳۸۸)، گزارەهایی در ادبیات معاصر ایران (داستان)، پیشامدرن، مدرن، پسامدرن، تهران: کتاب آمه.

(۷) حەبیبی، هادی، (۱۳۹٥)، پێکەنینی گەدا لە ئاوێنەی ڕەخنە و بۆچوونداد، سنە: نەشری ئامیار.

(۸) زرافا، میشل، (۱۳۸٦)، جامعه شناسی ادبیات داستانی (رمان و واقعیت اجتماعی)، ترجمەی نسرین پروینی، تهران: نشر سخن.

(۹) شمیسا، سیروس، (۱۳۹۳)، نقد ادبی، چاپ دوم، تهران: نشر میترا.

(۱۰) مستور، مصطفی، (۱۳۸٤)، مبانی داستان کوتاه، چاپ دوم، تهران: نشر مرکز.

(۱۱) میرصادقی، جمال، (۱۳۸۳)، داستان و ادبیات، تهران: آیەی مهر.

(۱۲) میرصادقی، جمال، (۱۳۸۸)، عناصر داستان، چاپ چهارم، تهران: انتشارات سخن.

(۱۳) یونسی، ابراهیم، (۱۳۹۲)، هنر داستان نویسی، چاپ یازدهم، تهران: مؤسسەی انتشارات نگاه.